# ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایک


د. نەوزاد ئەنوەرعمر
زانکۆی کۆیە
بەشی زمانی کوردی

م. تەلار صباح عمر
زانکۆی کۆیە
بەشی زمانی کوردی


## ١/١. ١) پێشەکی

ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان دیاردەیەکی فراوانە بەتایبەتی لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە فرە نەتەوە و فرە زمانن، قسەکەران زمانی دایک و زمانێکی تر بەکاردەهێنن بوونی ئەم دیاردەیە لەگەڵ بوونی مرۆڤدایە، واتە لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤ جۆراو جۆری زمانیش بوونی هەبووە.

لە وڵاتی فرە زماندا زمانێک دەبێتە باڵا دەست و زمانێک، یان زمانەکانی تریش دەبنە کەمینە. ئەم باڵا دەستییەش دەبێتە هۆی چەوسانەوەی زمانی کەمینە، زمانی کوردیش وەک زمانێکی کەمینە و ژێر دەستە لەم چەوسانەوەیە بێبەش نەبووە، کەوتۆتە ژێر حوکمی تورک و فارس و عەرەب ئەمەش بۆتە هۆی ململانێ و بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تورک و فارس و عەرەب، بەڵام خۆشبەختانە زمانی کوردی توانیویەتی زمانەکەی خۆی بپارێزێ و بمێنێتەوە. ئەگەرچی کاریگەری بەریەککەوتنی زمانەکانی لەسەربووە.

لەبەر گرنگی ڕۆڵی ئەو ململانێیە و بەریەککەوتنەی کە لە نێوان زمانەکاندا هەیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد، هەر لەم روانگەیەشەوە لێکۆلینەوەکەمان ناوناوە" ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەریان لەسەر زمانی دایک " ئامانجی لێکۆلینەوەکە دەرخستن و گرنگی ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکانە و کاریگەریان لەسەر زمانی دایک، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیش ڕێبازی وەسفی شیکاری

پەیرەوکراوە. سنوری لێکۆڵینەوەکەش لە چوارچێوەی زمانی کوردیدایە، نموونەکانیش راستەوخۆ لە زمانی ئاخاوتنی خەڵک وەرگیراون.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە.بەشی یەکەم دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم باس لە زمانی دایک ومێژووی ململانێی بەریەککەوتنی زمانەکان و هەستی نەتەوایەتی دەکات. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ وەرگرتنی زمان و هۆکارەکانی ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان.

بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ زمانەوانی بەریەککەوتن و بنەما سەرەکییەکانی, هەروەها باسکردنی ململانێی بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی تورکی و عەربی و فارسیە. لەتەوەری دووەم باس لە گۆڕانی زمانی کراوە دواتر ڕۆڵی تاکی کورد لە پاراستنی زمانی کوردی و دواتریش بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەریان لەسەر ناونانی منداڵ، هەروەها بەریەککەوتنی زمانەکان و رەنگدانەوەیان لەناو ئەدەبدا باسکراوە.

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو لە گەڵ کورتەی باس بە هەر دوو زمانی عربی و زمانی ئینگلیزی.

**١/١. ٢) زمانی دایک**

ئەو زمانەیە، کە تاکە کەسێک لەسەرەتای منداڵییەوە لەماڵ و لەناو خێزاندا فێری بووە، هەرچەندە بەو شێوەیەی پێویستە ئێستا لەلایەن ئەو تاکەوە قسەی پێنەکرێ. یان یەکەم زمانە کە تاکێک فێری بووە و هێشتا لێی تێدەگات،زمانی کەسێکە کە لەگەڵ لەدایک بوونیدا فێری بووە، بە باشترین شێوە قسەی پێدەکات و زۆرجار بنەمایەکە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو.(سورخی، ٢٠١٣، ٩)

زمانی دایک ئامرازێکی ئیجبارییە بۆ گەشەکردنی هۆشەکی، ئەخلاقی و لایەنە فیزیکییەکانی پەروەردەو فێرکردن. بابەتی بیرە، کە بەهۆیەوە شتەکانی تریش وەرگێرێت و درکیپێبکرێت و بگەیەنرێت، روناکی

بیرپاراوی دەردەبرێت تەنیا ئەوکاتە دەشێ کە کەسەکە بەسەر زمانی دایکیدا دەسەڵاتێکی تەواوی هەبێت لاوازی لە هەرشتێکی تردا بەواتای تەنیا لاوازییە لەو شتەدا، بەڵام لاوازی لە زمانی دایک واتا هاوشانی ئیفلیجی هەموو بیرو دەسەڵاتی دەربڕین دەگەیەنێت.

گرنگیەکی سەرەکی زمانی دایک ئەوەیە،کە دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی فێربوونی کردارو ئاخاوتن لە نموونە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکاندا، لە رووی کەسێتی، زمانی یەکەمی هەر منداڵێک پێویستییەکی سەرەکییە بۆ ناسنامەی، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کاتێ زمانێکی زگماکی ناپارێزرێ پێوەندییە گرنگەکانی بە خێزان و ئەندامانی تری کۆمەڵەی زمانی لەوانەیە لە دەست بدات لایەنی هۆشەکی خوێنکاران پێویستیان بە پێشخستنی بەردەوامی هۆشەکی هەیە.( سەرچاوەی پێشوو،٩)

لە رووی پەروەردەییەوە، ئەو خوێندکارانەی زمانی دووەم فێردەبن و بەردەوام دەبن لە فراوانکردنی زمانی زگماکیان لە خوێندندا سەرکەوتووترن لەوانەی زمانی دووەم لەجیاتی زمانی یەکەم فێر دەبن.

زمانی دایک هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕاهێنانی فکری و ئەنجامی زانستی بۆیە پێویستە گرنگی بە زمانی دایک بدرێت لە ڕێگای دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن بەسود وەرگرتن لە هۆکارەکانی راگەیاندن، هەروەها گرنگی بە قوتابخانەکان بدرێ بە دواکەوتنی فێربوونی زمانی بێگانە لەلای منداڵەکان تاکو تەمەنی دە ساڵی تاکو منداڵەکان بە باشی شارەزابن لە زمانی دایک(محمود،٥٣،٢٠٠٢)

زمان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ پاراستن و پێشکەوتن و گەشەکردنی گشت گەل و نەتەوەکان، هەروەها زمان نرخ دەداتە مرۆڤ و جیاي دەکاتەوە لە گیانلەبەرانی تر.(دزەیی - سلێڤانەیی،٢٠١٣، 191) زمان وەک سامانێکی سروشتی وایە لای گەلان، بەڵام ئەم سامانە سروشتییە بەیەکسانی بەسەر گشت گەلاندا دابەش نەبووە، هەروەک چۆن وڵاتانێک هەن کە دەوڵەمەندن هەندێکیتر هەژارن لە رووی سامانی سروشتی

ئاواش وڵات هەیە لەرووی زمانــەوە هــەژارە* ،بــە پێچەوانەشــەوە، بــەڵام جیاوازی نێوان زمان و سامانە سروشتییەکان لەوەدایە ئەو وڵاتانــەی کــە لــە رووی ســامانە سروشــتییەکان هــەژارن ئــەوا وڵاتێکــی هــەژارو کــەم دەرامەتن، لە رووی زمان و زاراوەوە کێشەو ململانێی زمانیان زۆرترە بە پێچەوانەشــەوە(فتاح، ٢٠١٠، ٣٦١) هــەر ئــەو کێشــەو ململانێیــەی نێــوان زمانەکانیش بووە هۆی ئەوەی لە وڵاتی بەنگلادیشی ئێستا، کــە ئــەوکات ســەر بــە وڵاتــی پاکســتان بــوو زمــانی رەســمی (ئــۆردو) بــوو، بەســەر بەنگلادیشیەکانیاندا چەسپاند، بەنگلادیشــیەکان خۆپیشــاندانیان کــرد و داوایان کرد کە زمانەکــەیان بــە فــەرمی دانیپێــدابنرێت، ئــەوە بــوو چەنــد کەسێکیان لێکوژراو برینداربوو دوای ئەوەی کە بــەنگلادیش ســەربەخۆیی خۆی وەرگرت و لە پاکســتان جیــابۆوە، بەنگلادیشــیەکان داوایــانکرد کــە ٢/٢١/ی هەموو ساڵێک بکرێتە رۆژی جیهــانی زمــانی دایــک، رێکخــراوی یونسکۆ لــە ســاڵی ١٩٩٩ بریاریــدا کــە ئــەم رۆژە بکرێتــە رۆژی جیهــانی زمانی دایک، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو میللەتانی دونیا لەم رۆژەدا ئــەم یادە بەرزو پیرۆز رادەگرن و یادی زمانی دایک دەکەنەوە.

زمــانی دایــک زمــانێکی بنەرەتییــە و ئــەو زمانــەی منــداڵە، کــە یەکەمجار زمانی پێ دەپژێت و وەریدەگرێت. وەرگرتنی زمانی دایک تەنها زمانەکــە نییــە، بــەڵکو مێــژوو و داب و نــەریت و کلتــوری کۆمەڵگاشــە، هەروەها زمانی دایک بنچینەیە بۆ وەرگرتنی زمانەکانی تر بەواتایــەکیتر زمانی دووەم و سێیەم لەسەر بنچینــەی زمــانی دایــک دادەنرێــت، چونکــە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە کە منــداڵ باشــترفێری زمــانی دووەم دەبێــت ئەگەر زمانی دایکیان تەواو بێت، چونکە بــە ئاســانی دەتوانێــت هێماکــان لــە زمــانی یەکەمــەوە بگــوازێتەوە بــۆ زمــانی دووەم. (دزەیــی - ســلێڤانەیی، ١٩٨، ٢٠١٣)هــەروەها زمــانی دایــک هۆکــاری ناســینەوە و جیاکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەکانە لە یەکتری،ڕاستە زمــانی دایــک لــە ڕووی سیاسییەوە ئــەو زمانەیــە کــە لــە سنوری جــوگرافی وڵاتێکــی تــاک نەتــەوەدا بــەکاردێت، بــەڵام زمــانی نەتەوایــەتی لــەدەرەوەی ســنوری

جوگرافی وڵاتیش ناسنامەی تاک دەپارێزێت. بەواتایەکیتر زمانی دایک هەردەم ناسنامەی نەتەوەیە، چونکە هەر میللەتێک زمانەکەی لێقەدەغەبکرێت، یان پشتگوێبخرێت ئەوا دەبێتە هۆی لە دەستدانی ناسنامە و زمانی نەتەوەکەی. هەر کاتێکیش زمانەکەی لەدەستدا خەزێنەیەکی گرانبەها لە فۆلکلۆر و ئەفسانە، گۆرانی، دابو نەریتی کۆن و ئاینی و گەلێک پەند کە تێروانینی تایبەتی قسەکەرەکانی ئەو زمانە بووە دەنێژرێ و نامێنێت(یەعقوبی،٢٠٠٧، ١١٣)

### ٣.١/١) مێژووی بەریەککەوتن و بیرو باوەری ململانێی نێوان زمانەکان

ململانێی و بەریەککەوتنی زمانەکان کارێکی تازە نییە، بەڵکو مێژوویەکی قوڵی هەیە، چونکە چەندەها زمانی جۆراو جۆر لە جیهان بوونی هەیە، ئەم جۆراو جۆریەش شتێکی ئاساییە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە. لە هەمانکاتیشدا سەرچاوەی بەریەککەوتنی زمانەکانە.

بە پێی بۆچونە ئاینیەکانیش جۆراو جۆری زمان بوونی هەیە. بە پێی تەورات بێت مرۆڤەکانی سەر زەوی سەرەتا بە یەک زمان قسەیان کردوە، بەڵام دواتر کەویستیان تاوەری بابل دروست بکەن ئەوا وەک سزایەک خوا زمانەکەی شێواندن و فرە زمانی دروست بوو(ئێڵدە،٢٠١٠، ١٥٧)، هەرچەندە لە تەوراتدا باسی فرە زمانی کراوە، بەڵکو لەئاینی مەسیحیدا لەناو کتابی پیرۆزدا (ئینجیل) باس لە زمانەجیاوازەکان کراوە،((هەموو باوەرداران لەیەک شوێن کۆبوونەوە لە پرێکدا دەنگێک لە ئاسمانەوە پەیدا بوو وەک رەشەبا ئەو ماڵەی پرکرد کە تیایدا دانیشتبون ئینجا چەند زمانێک هەروەک لە ئاگر بێت دەرکەوت بۆیان دابەش بوو بەسەریان و هەریەکە زمانێکی لەسەر نیشتەوە ئەوسا هەموویان پر بوون لە روحی پیرۆز دەستیان کرد بە قسەکردن بە زمانی جیاواز بەو شێوەی روح پێی بەخشین)) (کتێبی پیرۆز،٢٠١)، لەقورئانی پیرۆزیش باس لە جۆراو جۆری زمان کراوە لە ئایەتی ٤ سورەتی ابراهیم (ومارسلنا من رسول الا بلسان قومه) واتە هەر پەیامێکمان بۆ هەرنەتەوەیەک ناردبێ بە زمانی قەومەکەی خۆیان بووە. هەر لە

**ئایەتێکی تردا** (( ومن اياته خلق السموات والارض واختلاف السنتكم والوانكم ان فى ذالك لايات للعالمين)) **واتای ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە کە خوای گەورە دانەری ئەرزو ئاسمانە ومرۆڤی بەڕەنگ و زمانی جیاوازەوە دروستکردوە.**

((ياايها الناس انا خلقناكم من ذكرى وانثى وجعلناكم شعوباو قبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم ان الله عليم خبير)) **واتە خوای گەورە مرۆڤی بە نێر و مێ و نەتەوە و گەل و هۆزی جیاواز دروستکردوە.**

**ئەگەر لاپەرەی مێژووی یۆنانییەکانیش هەڵدەینەوە ئەوا بەروونی هەست بە زمانی جیاواز دەکرێت، یۆنانییەکان تێروانینێکی رەگەز پەرستانەیان بۆ زمان هەبوو لە ناو هەموو زمانەکاندا تەنها زمانی لاتینییان بە شایەنی مرۆڤایەتی زانیوە زمانەکانیتر جگە لە زمانی یۆنانی شایەنی مرۆڤایەتی نین و بە سوک و بێبایەخ سەیر دەکران، هەر لەو سەردەمەدا هەست بە بونی زار و زمانی تر دەکرا، بەڵام ئەو کاتە هەر کەسێک بە زمانی گریکی قسەی نەکردبایە ئەوا بە نامۆ لە قەڵەمیان دەدا و زاراوەی (بەربەر) یان بۆ بەکاردەهێنا، ئەم تێروانینە وایکرد بوو تەنانەت لەناو زمانی یۆنانیش تەنیا زمانی چینی سەروو (ئەرستۆکراسی) زمانی رەسمی بێت.( روبنز، ١٩٩٧، ٣٠) واتە زمانی یۆنانی زمانی باڵا دەست بوو.**

**لاتینییەکانیش بە هەمان شێوە پێیان وابوو جگە لە وان و گریک هیچ زمانێکیتر شایانی ئاخاوتن نییە واتە تا ئەو کاتە زمان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لەدوای سەدەی پانزەی زاینی لەگەڵ دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی و بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئەوروپا زمان رۆڵیکی یەکجار گرنگی بینی میللەتان گرنگیان بە زار و زمانەکانیتردا جگە لە زمانی لاتینی هەر لەم سەردەمەشدا کێشە و ململانێی نێوان زار و زمانەکان سەریهەڵدا.**

**مرۆڤ هەر لەکۆنەوە پێویستی بە فێربوونی زمانی بێگانە، یاخود پێویستی بە زمانێکیتر هەبووە جگە لە زمانی خۆی بۆ ئەوەی کارو چالاکی و مەبەستە جۆراو جۆرەکانی بەدیبهێنێت،چونکە مرۆڤ لە هەر**

کوێیەکی دونیـادا بێت ڕۆژانـە گوێبیسـتی زمـان دەبێـت جـا چ هاوزمـانی خۆی، یـان زمـانێکیتر بێت. ئەگـەر هـەموو جیهـان تـەنها بەیـەک زمـان قسەیان بکردبایـە ئـەوا هـیچ کێشـەیەکی زمـانی روینـەدەدا، فـرە زمـانی بوونی نەدەبوو، چونکە زۆرجار کێشەی زمـان کێشـەی نەتەوایەتییـە لـە وڵاتانی فرەنەتەوە کێشەی زمان لـە زۆربـەی وڵاتـە تـازە پێگەیشـتوەکان وەک بومبێکی دانراوەلە هەر کاتێکدا ئەگەری تەقینەوەی هەیە.

**٤.١/١) زمان و هەستی نەتەوایەتی**

ڕاستە زمان ئامرازێکە بۆ لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆرکردنی بیروڕا لـە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لـە هـەمان کاتیشـدا زمـان پێناسـە و ناسـنامەی نەتەوایەتییە. هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستە ئەگـەر زمانەکـەی لەدەسـت نەدابێت ئەوا دەتوانێت لە ڕێگـای زمانەکەیـەوە جـارێکیتر هـەڵسـێتەوە و پارێزگاری لە زمان و نەتەوەکەی خۆی بکات و بونی خۆی بسەلمێنێت.

پیرۆزی زمان وایکردووە کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ببنە قوربـانی، نمونەیەکی زیندووی ئەم دیاردەیەش زمانی کوردییە (توفیـق،٧،٢٠٠٧)کـە چەندین رۆڵەی کوردی لە پێناوی پاراستن و مانەوەی کورد و کوردسـتان بەخشـیوە بـە هـۆی بـوونی ئینتیمـا[١] ی تـاکی کـورد بـۆ زمـان وکوردسـتانەکەی.گەر بچینـە نـاخی هـەر کەسـێکی کـوردیەوە لـەوێوە هێڵـەکانی ئینتیمـا درێژبکەینـەوە ڕێـک بازنەیـەکی زۆر گـەورەترمان لـە شوێن بۆ دەردەکەوێت، هەر ئەو شوێنەی ئەو کەسەی هەمیشـە ئینتیمـای ڕاستی بۆ دەکات(حوسێن، ٢٠١٢ ,١٣١).

لە پرۆسەی بەریەککەوتنی زمانەکاندا ڕادەی هۆشیاری زمانـەوانی و بۆچوونی تاک دەپێورێت،بۆیە پابەندبون بە زمانێکی دیاریکراو پێگەی بەرزی ئەو زمانە ڕۆڵی یەکلایکەرەوە دەگێرێت،لە دیاریکردنی ناسـنامەی هـەر کەسـێکی فـرە زمان(ئێڵـدە، ٢٠١٠، ١٣٥) ئـەوە هەسـتی نەتەوایەتییـە وادەکات ئەو کەسەی کە زمانی بێگانە دەزانێت و قسەی پێناکات لە کـاتی

---

[١]- ئینتیما سەرەرای هاورەگەزی و هاوخەسڵەتی و هاو خوێنی تێکەڵی ئیرادەی تاك دەبێت و دەچێتە قوڵای بیرو باوەریەوە هەمیشە پەیوەندییەکانی تاك لە گەڵ خۆی و ئۆرگانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیەکان بەیەکەوە دەگەیەنێت(حوسێن،٢٠١٣، ١٢٤)

پێویستدا نەبێت کاتێک کە لە گەڵ هاوزمانانی خۆیدانەبێت (کالفی،٢٠١٢، ٨٩)، بە واتایەکی تر هەموو ئەو کەسانەی کە بە زمانی دایکیان قسە دەکەن ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە زمانی بێگانە ڕەتدەکەنەوە بەڵگەی ئینتمایە بۆ زمانەکەی خۆیان هەروەک لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا دەبینرێت ئەو کەسانەی، کە ئێستا لە کوردستان دەژین و بە ڕەچەڵەک عەرەبن هەرچەندە زمانی کوردیش دەزانن و فێری بوین، بەڵام هەربە زمانی عەرەبی دەدوێن ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئینتیمایان بۆ زمانەکەیان زۆر بەهێزە.

زۆربەی ئەو کوردانەی کە لەتاراوگە دەژین جا بە هەر هۆکارێکەوە بێت، کە نیشتمان جێدەهێڵن و لە کوردستان دورکەوتبنەوە هەڵگری کلتورێکی تازەن، بەڵام ئینتیمایان بۆ زمان و نیشتمان هەر هەیە، لەگەڵ بوونی هەر کێشەیەک لە کوردستان کوردانی تاراوگە بەهۆی بوونی ئینتیمایان بۆ نیشتمان هاواریان لێهەڵدەستێت و خۆپیشاندان ساز دەکەن.

لە سەدەی نۆزدە و بیست چەندین وڵاتی نوێ دروست بون کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەریەک لەم وڵاتانەش زمانێکی نەتەوایەتی خۆیان هەبوە، کە هۆکاری رزگاربون بووە لەژێردەستی وڵاتانی داگیرکەر لەهەمان کاتیشدا هەوڵیان دەدا،کە زمانەکەیان پاک بکەنەوە لە زمانی داگیرکەرەکانیان(فتاح،٢٠١٠، ٣٦٠) بۆنمونە هەرچەندە میللەتی کورد نەبۆتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، بەڵام لە باشوری کوردستان بەهۆی ئەو حوکمی زاتییەی کە پێدراوە هەوڵی داوە کە زمانەکەی خۆی تارادەیەک لە وشەی زمانی عەرەبی پاک بکاتەوە بەڵگەشمان بۆ قسەکانمان ئەو زمانەی ئێستا قسەی پێدەکەین زۆر جیاوازە لە گەڵ ئەو زمانەی لە حەفتاکان قسەی پێدەکرا کە پڕ بوو لە وشەی عەرەبی.

**١.١.٢/١) بەدەستهێنانی زمان**

بەدەستهێنانی زمان ئەو پرۆسەیەیە کە لە لایەن منداڵ یان گەورە بەرێوە دەبردرێت بۆ فێربوونی زمانێک، یان چەند زمانێک(کەمریێ و هاوەڵەکانی،٢٠٠٧، ٢٠).

**١/٢. ١. ٢) بەدەستهێنانی زمانی یەکەم**

فێربوونی یەکەمین زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، مرۆڤ خاوەنی توانایەکی بایەلۆژییە کە بەپێی بۆچوونی چۆمسکی توانستە، ئەم توانستەش بریتییە لەو سیستەمە شاراوەیەی کە یاساکانی زانینی زمان لای قسەکەر پێکدێنێت (ە.ج.ویدۆوسن،١٣٢،٢٠٠٨) ئەم توانستەش تەنها بۆ فێربوونی زمانی یەکەم نییە، بەڵکودەتوانێت چەند زمان کەلە دەوروبەری بەکاربهێنرێن فێری ببێت. ئەگەر چی زمانی دایک و باوکیشیان جیاواز بێت بۆ نموونە منداڵی کورد لە بە شێکی کەرکوک و کفری و خانەقین بە ئاسانی لە پاڵ زمانی دایکیان کە زمانی کوردیە فێری زمانی تورکی و عەرەبیش دەبن.

خاڵێکی سەرنجراکێش بۆ فێربوونی زمان لە لایەن منداڵەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ زیاتر پشت بە واتای وشەکان دەبەستێت لە جیاتی ئەوەی پشت بە سینتاکس ببەستێت.(کەمریێ وهاوەڵەکانی،٢١،٢٠٠٧)

**١/٢. ١. ٣)بەدەستهێنانی زمانی دووەم**

بەدەستهێنانی زمانی دووەم بریتییە لە فێربوونی زمانێک پاش فێربوونی زمانی یەکەم. مرۆڤ فێری زمانی یەکەم دەبێت لە پێناو پێویستی و بەریوەبردنی ژیان. فێربوونی زمانی دووەم باشتر دەبێت ئەگەر لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا بێت کە بە زمانی دووەم قسەدەکەن، چونکە وەرگر زیاتر ئاگاداری کلتورو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی ئەو زمانە دەبێت ڕادەی بەریەکەوتن زیاتر دەبێت.(سەرچاوەی پێشوو، ٢١) پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە وەرگرتنی زمانی دووەم بە گوێرەی تەمەن و ڕەگەز و ڕادەی ڕۆشنبیری و ئاستی خوێندەواری دەگۆرێت.

**١/٢.٢) فرە زمانی**

ئەگەر سەیری نەخشەی زمانەکانی جیهان بکەین و لە وڵات و سنورو گەلەکان و زمانەکانیان بکۆڵینەوە، تۆڕێکی ئاڵۆزی فرە چینی دەبینین، لە چینی یەکەمدا چەند زمانێک دەبینین هەر زمانێکیان لەوانە لەناوچەیەکدا باون(کالفی، ٢٠١٢، ٣٧) هەروەها زمانی هەرێمی، دواتر زمانی نیشتمانی لەسەر ئاستی سەرتاسەری نیشتماندا دواتر زمانەکان بە گشتی. هیچ وڵاتێک نییە یەک زمانی هەبێت، کەواتە جیهان فرە زمانە بنچینەی شەری زمانەکان لە فرە زمانییەوە سەرچاوە دەگرێت.

فرە زمانی دەکرێت مەیلی گشت کۆمەڵگایەکی زمانی بێت، کە دوو زمان یان زیاتری تێدابەکاردێت، هەبوونی کۆمەڵی فرە زمانی بابەتە پەروەردەیی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان دەوروژێنێ، لەوەدا کە پەروەردە و فێرکردن بە چ زمانێک بێت، هەروەها ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بە چ زمانێک بێت، یان یاسایەکان بە چ زمانێک بنوسرێتەوە جیاوازییەکان پێکدادانی زمانی لێدەکەوێتەوە.

توانای قسەکردن بە دوو زمان بە زۆری وەک سەرکەوتنێکی بەرچاو بینراوە، سەرەرای ئەمەش وادادەنرێت کە زیاتر ٧٠% ی دانیشتوانی سەر ڕوی زەوی دوو زمان، یان چەند زمانن. (Trask,2007,32)، بەبەڵگە ئەوە سەلمێنراوە، کە ئەوانەی دوزمان یان زیاتر دەزانن داهێنەرتر و کۆمەڵایەتی تر و باشترن لەو منداڵانەی تەنیا بەیەک زمان ڕادەهێنرێن.

**٣.٢/١) هۆکارەکانی بەریەککەوتنی زمانەکان**

١- هۆکاری جوگرافی/ هۆکاری جوگرافی شێوەی فراوانبوونی زمانەکان دەستنیشان دەکات. کاتێ بە درێژای هێڵەکانی سروشت بڵاودەبنەوە. هەوڵ دەدەن ئاستەنگ و بەربەستەکان ببەزێنن. ڕەوشی جوگرافی ڕەنگە ببێتە سەرچاوەی فراوانبوونی بڵاوبوونەوە و بەریەککەوتنی زمانەکان.(کالفی، ٢٠١٢، ١٢٩) بەهۆی نزیکی شوێنی جوگرافی شاری دهۆکەوە لەشاری موسڵ وایکردوە کە خەڵکی ئەم دوو شارە زیاتر تێکەڵی یەکتربن و بەریەککەوتنی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بوونی هەبێت.

٢- هۆکاری ئابووری/ مرۆڤ زۆرجار بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر و ئاسودەتر بازرگانی دەکات، ئەم بازرگانیەش تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی زمانی لێدەکەوێتەوە(یەعقوبی،٢٠٠٧، ١٥١) بازرگانان لە پاڵ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان زمانەکەشیان دەگوازنەوە. بۆنمونە زمانی سەواحیلی کە لە بنەرەتدا زمانی (زنجبار) بوو بە هۆی بوژاننەوەی بازرگانی لە دورگەکەدا زیاتر گرنگی پێدرا.(کالفی،١٣٠، ٢٠١٢)

٣- هۆکاری ئاینی / یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بڵاوبونەوەی زمان و بەریەککەوتنی زمانەکان ئاینە،هەر کاتێک زمانی ئاین و زمانی نەتەوە جیاوازبن ئەوا بەریەککەوتن زیاتر ڕودەدات، ئاینی ئیسلام نموونەیەکی زیندوی بەریەککەوتنی زمانی عەرەبیە لەگەڵ زمانەکانی تر، زۆر میللەت هەن لە پێناو ئایندا دەست بەرداری زمانی زگماکی خۆیان دەبن، بۆ نموونە، ئارامییەکانی بیابانی شام لەماوەیەکی پێوانەیی بە قازانجی زمانی عەرەبی دەستبەرداری زمانی ئارامی بوون( هەرشەمی،٢٠٠٩، ٥٧) لە دوای فتوحاتی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی بەناو نەتەوە ناعەرەبەکان بەریەکەوتنی بەهێزی لەنێوان زمانەکان دەستپێکرد،واتە، لە نێوان زمانی دایکی نەتەوەکان و زمانی عەرەبی. زمانی عەرەی بەهۆی ئاینەوە توانی بۆماوەی چەندین سەدە کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوە ناعەرەبەکان هەبێت بۆنمونە، کوردو تورک و فارس، چونکە زمانی ئاین وەک زمانێکی پیرۆز، کاریگەری لەسەر پەیرەوکەرانی هەبوە،بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژیانی گەلانی ناوچەکە، گەلی کوردیش وەکو گەلانیتر بێبەش نەبوو لەم کاریگەرییە، بەهۆی ئەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی هەوڵبدەن خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن بۆئەوەی شارەزای ئەم ئایینە نوێیەبن.

هەر لە ژێر کاریگەری قورئاندا، زانایانی کورد هەوڵیانداوە ئەلف بێیەکی کوردی لەسەر ئەلفبێی عەرەبی دابڕێژن،چونکە بەپێی بۆچوونی چەند زانایەک کورد پاش موسڵمانبوونی ئەم هەوڵەی داوە. هەر لە ژێر

کاریگەری قورئانی پیرۆزدا، چەندەها وشەی ئاینی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردیان لە بواری ئایینیدا دەوڵەمەند کردووە، لە دیدی زمانناساندا ، هەر وشەیەک لە زمانێکی بیانییەوە بێتە ناو زمانێکی تر و فۆنەتیکی ئەو زمانە وەرگرێت، ئەوا دەبێت بە بەشێک لەم زمانە. وەک وشەی قیامەت– قیامە، فیدا– فداء، رۆژی – رزق، وەخت – وقت، سوژدە – سجدە، هەروەها ئەو وشانەی لە بواری حەجکردندا بە کار دێن وەک حەج، عومرە، ئەحرام، عەرەفە، سەفا و مەروا. هەروەها راڤەکردنی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن چەند زانا و رۆشنبیرێکی کوردەوە وایکرد چەندەها وشەی زمانی کورد لە بواری ئایینذا زیندوو ببنەوە. (ناوخۆش١، ٢٠٠٧، ٥٢)

٤– هۆکاری داگیرکردنی سەربازی/ پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان فراوانبوونی سەربازی و فراوانبوونی زمان بڵاویدا هەیە، هەرکاتێک شوێنێک داگیربکرێت لە لایەنی سەربازییەوە هەوڵ دەدرێت زمانەکەشیان بەسەر ناوچەکەدا بچەسپێنن، دەبینین لە داگیرکردنی ئەمەریکای لاتین لە لایەن ئیسپانییەکانەوە شێوەیەکی نمونەی پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی سەربازی و ئایندەی زمانی ئیسپانیمان بۆ دەردەخات. سوپا رۆڵێکی گرنگی لە بەرپەککەوتنی زمانەکاندا هەیە بۆ نموونە لەسەدەی ڕابردوو لەکاتی فەرمانڕەوای سەدام حوسێندا کە سەربازیی بە زۆرە ملێی بوو کوردەکان کە دەچوون بۆ سەربازیی ئەگەرخوێندەواریشیان نەبوایە ئەوا فێری زمانی عەرەبی دەبوون.

٥/ هۆکاری ژیاری وژینگەی /جیاوازی ژینگەی لە ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا هۆکارێکە بۆ بەریەککەوتنی زمانەکان، هێڵەکانی سروشت، شارو کەنارو بەندەرو بازارەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. شار دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ جوڵە و چالاکی زمانەوانی شارەکان سەنتەری کۆمەڵەی کارگێرییە، فەرمانبەرانیش بەهۆی کارەکانیانەوە بەناو شاردا هاتوچۆدەکەن ئاستی فێربوونی زمانە بڵاوەکانیان لە گوندنشینەکان زیاترە، چونکە ناتواندرێت زمانی دایک بەردەوام بێت لە ژیاندا لە

هــەموو ژینگەكانــدا لــە هــەموو بــارو دۆخێكــدا بــە بــێ گۆڕانكــاری و گەشەكردن.(محمود، ٢٠٠٢، ٦٣)

٦/ هۆكاری سیاسی : هۆكاری سەرەكی بەریەككەوتنی زمانـەكان جـوڵانی خەڵكـە لــە ناوچەیەكـە بـۆ ناوچەیـەكی تـر، سیاسـەتی حكومـەت لــە بەریەككـەوتنی زمانـەكان و لـەناوبردنی زمـانی نەتـەوە كەمینـەكان. زۆر جار حكومەت سیاسەتی لەناوبردنی زمانی كەمینەكان پەیرەو دەكات بـۆ نمونــە لــە وڵاتەیـەكگرتوەكانی ئەمــەریكا لــە سـەدەی نـۆزدە و سـەدەی بیستەم منداڵیان لە زمـانی دایكـی خێزانـە ئەمەریكیـە ڕەسـەنەكان دوور دەخستەوەو دەیان نارد بۆ ئەو قوتابخانانەی كە بەشی ناوخۆیـان هەیـە لەوێش ناچارن فێری زمـانی ئینگلیـزی ببن و لەمـەوە منداڵانی چەنـدین خێڵـی جیـاواز كۆكرانـەوەو ئینگلیـزی بـوو بەتاكـە زمـانی ئاخاوتنیـان و زمانی دایكیان هەرەسی هێنا.(كەمرێ و هاوەڵەكانی،٢٠٠٧، ١٠٣)

٧ـ هۆكـاری كـۆچكردن: هۆكارەكـانی كـۆچكردن زۆرن زۆرجـار لـە بـەر هۆكـاری ئـابوری سیاسـی ئـاینی كۆمەڵایـەتی بـۆ حاڵـەتی ئـەمنی، بـۆ پەیداكردنی بژێوی ژیان ژمارەیەكی زۆر لە هاونیشـتمانیان كۆچدەكـەن و وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوو لە وڵاتانی تر دەكەن. كۆچكردن هۆكارێكی گرنگی بەریەككـەوتنی زمانەكانـە كۆچكـەران نـاتوانن لـە هـەوای نوێیـان پەرە بە زمانی دایكیان بدەن و بـەكاریبهێنن بۆیـە بەریەككـەوتن لـەنێوان زمانـەكان ڕوودەدات زمـانی دووەم شـوێنی زمـانی یەكـەم دەگرێتـەوە لـە هەموو ئەركەكانیاندا، بۆ نموونە هیندیەكان لەبـەریتانیا جێگیربوونیـان كرێكارە جەزایریەكان كاتێك كۆچیان كرد بـۆ فەرەنسـا كـۆچكردنی زۆری كوردەكان لەسەدەی رابردوو بۆ ئەوروپا هۆكارێك بوو بۆ بەریەككـەوتنی زمانی دایكیان و زمانی ئەو وڵاتەی كە تـازە لـێ نیشـتەجێبوینە، چونكـە لەوی درك بەو راستیە دەكەن كە پێویستە زمانی هەواری تازەیـان فێـربن چونكە زمـان هۆكارێكـە بـۆ تێگەیشـتن لەهـەمان كـاتیش بـۆ پێشكەوتنی باری ئابوری كۆمەڵایەتی وادەخوازێت تەنانەت پەیداكردنی كاریش بەندە بە فێربونی زمانی تازەوە. (فتاح،٢٠١٠، ١٤٨)

٨ــ هۆکــاری کــەلتوری: هۆگربــوون بــە کلتــوری کۆمەڵگایــەکی بیــانی هۆکارێکـە بـۆ بـەکارهێنان و تێکـەڵبوونی زمانـەکان .(یـەعقوبی، ٢٠٠٧، ١٥٠)

٩ــ هۆکــاری ئــەکادیمی: یــەکێک لــە هۆکارەکــان بــۆ بڵاوبونــەوەو بەریەککـەوتنی زمانـەکان لـە رۆژگـاری ئـەمرۆ بەدەسـتهێنانی زانسـتی سەردەمە، کە خەڵکی لەرێگای ئەکادیمی و ڕاهێنان هەوڵدەدا کە زانست و زانیــاری وەرگرێــت وەک پێویســتییەکی ســەردەم بــۆ نموونــە کاتێــک خوێنـدکارێک بیـەوێت درێـژە بەخوێنـدن بـدات لـە خوێنـدنی بـاڵا ئـەوا پێویستی بـەوە دەبێت کـەزمـانێکی تـر فێربێـت و بروانامـەی توانسـتی زمانی ئینگلیزی هـەبێت، بۆیـە خوێنـدکار ناچاردەبێـت کـە فێـری زمـانی ئینگلیزی بێت و بەکاریبهێنێت بۆ ئەوەی ئەم بروانامەیە بەدەستبهێنێت.

١٠ــ هۆکـاری جیهـان گـەرایی تەکنـەلۆژیا : جیهانگـەرایی و تەکنـەلۆژیا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تێکـەڵبوون و بەریەککـەوتنی زمانـەکان، چونکـە ئەو کەسانەی کە ئاستی خوێندەواریان بەرزە ئـەوا زمـانی بێگانـە زیـاتر بەکاردەهێنن جا چ بۆ پێویستی سەردەم بێت، یان بۆخۆجیاکردنەوە بێت لـە چـین و توێژەکـانی تـری نـاو کۆمـەڵگا، بێگومـان ئەمـەش کـار لـە لاوازکردنی زمانی دایـک دەکـات لەهـەمان کاتـدا کەسـانی نەخوێنـدەوارو ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی ئەوەی کەمتر تێکەڵاویان لەگـەڵ زمانـەکانی تر هەیە لە زمانی ڕەسەنی خۆیان دوورناکەونەوە.

**١.١/٢) زمانەوانی بەریەککەوتن:**

زمانەوانی بەریەککەوتن وەکو زانستێکی هەمەلایەنە و پشت بەسـتو بـە کۆمەڵێک زانستی دیکەی هاوشێوە، سێکوچکەیەکە پایەکانی بـریتیین لـە زمان و بەکارهێنەرانی زمان و کایەی زمان (ئێڵـدە، ٢٠١٠، ١٣٤) پێکهاتـەی گروپە کۆمەلایەتییەکان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە بـۆ بەکارهێنـەری زمــان، هــەروەها لــەپاڵ جیاوازییــە دێرینــەکانی تەمــەن و ڕەگــەز و پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی، بایــەخێکی زۆر بەپایــەی کەمینەیــەتی لــە لێکۆڵینەوەی فـرە زمانییـدا دەدەن و هەنـدێ کـەرت و سێکتەر هـەن، کـە

دەبنە هۆی کارلێککردنی زمان لەناو کۆمەڵگایەکی زمانی دیاریکراودا، لەوانە میدیا و ریکلام و شیکردنەوەی داتای کۆمپیوتەری شانبەشانی بوارەکانی وەکو ئاین و ڕامیاری و کولتورو زانست. لە لایەکی دیکەوە دەبینین کایەکانی زمانی، پلانسازی زمان، ژینگەی زمانی، بەریەککەوتنی زمان لەپیشەسازی و ریکخراوە فرە نەتەوە و ڕەگەزەکانی بایەخدان بە چاککردنەوەی لە نێو کەمینەکاندا.

دەتوانین سەرجەم ململانێ زمانییەکان بۆ دوو جۆر پۆلین بکەین:

أ- ململانێی زمانی سروشتیانە: لەسەردەمی زووەوە لە نێوان زۆرینەو کەمینەی رەسەنی کۆمەڵگایەکدا هەبوون، بەتایبەتی ئەوانەی کەمینەکان لە دژی زمانە فەرمییە نەتەوەیی و هەرێمییەکان، لەم بارانەدا ململانێکە پتر بەهۆی ئامادەنەبوونی کەمینەکەوە دەبێت، بۆ توانەوە لە بۆتەی زمانە نەتەوەییە هەرێمییەکە. (سەرچاوەی پێشوو)

ململانێی زمانی سروشتیانە کاتێک دەبێتە گرفت و کێشە دەخولقێنێت بۆ قوڵکردنەوەی جیاوازییەکان.

ب - ململانێی زمانی دەستکرد: ململانێی دەستکرد، یان لەخۆوە سەپێنراوە لە بارودۆخێکی سازشکارانە پەیدا دەبێت، کە کۆمەڵگایەکی زمانی، یان زیاتر لەبەرامبەر لایەنە باڵا دەستەکە نەویستراوە و بە نزمتر تەماشا دەکرێت. ململانێی دەستکردی زمان بەتایبەت ئەو کاتە روودەدات، کە زلهێزە ئابوری و سیاسییەکانی جیهان بۆ خێراتر کردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زمانەکانییان هاوشانی ئەزموونی سۆسیۆ ئابووری خۆیان هاوردە دەکەن بۆ شەریکە بازرگانییەکانیان.

**٢.١/٢) بنەما سەرەکییەکانی زمانەوانی بەریەککەوتن:**

ـ بەریەککەوتنی زمانەکان تەنها لە نێوان ئاخێوەران و کۆمەڵگە زمانییەکاندا بونی هەیە، نەک لەنێوان خودی زمانەکان.

- زمانەوانی بەریەککەوتن زمان وەکو نیشانەیەکی لاوەکی دەبینێت لە پاڵ هەندێک هۆکاری سەرەکی ململانێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئاینی و مێژوییەکان.

ـ زمانەوانی بەریەککەوتن ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە مەرج نییە هەموو ململانێیەک مۆری خراپی (نێگەتیڤ) بەنێوچەوانی بدرێت، بەڵکو بەکردەوە دەرکەوتوە، کە هەندێک ململانێی پێکهاتەی تازەی وایان بەرهەم هێناوە کە زۆر سودبەخشتر بوون.

**٣.١/٢) بەریەککەوتنی زمانەکان**

بە شێوەیەکی گشتی بەریەککەوتنی زمانەکان لە کۆمەڵگا فرە زمانییەکاندا بوونی هەیە، بەریەککەوتنی زمانەکانیش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە زمانێکیان بوو بێت بە زمانی دەسەڵات و زمانی پەروەردە، زمانەکەی تریش هەوڵدەدات ببێت بە زمانی پەروەردە، (ناوخۆش٢، ٢٠١٢، ١٦) دیاردەی بەریەککەوتنی زمانەکان تەنیا لە نێوان دوو زمانی دوو نەتەوەی جیاواز ڕوونادات, بەڵکو لە ناو خودی تاک زمانیشدا ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت.سکۆتن لە پێناسەکردنی بەریەککەوتنی زماندا دەڵێت" بەریەککەوتنی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی دوو شێوەزار، یان زیاتر لە هەمان ئاخاوتندا" (Scottor,2002,30)

بوونی رقی دەسەڵاتی تورک و فارس و عەرەب بەرامبەر بە کورد، کارکردنی ئەم سێ دەسەڵاتدارە لە بەرژەوەندی خۆیان وایکردووە کە ئەم سێ دەسەڵاتدارە کار لە سەر ڕەهەندی نەتەوەی بکەنەوە هەرسێ لا باوەریان بە یەک نەتەوە یەک زمان یەک ئاڵا بوە، بوونی زمانی جیاواز وای لە نەتەوەی تورک و فارس و عەرەب کردووە دەوڵەتی نەتەوەی خۆیان لەسەر حسابی کورد دابمەزرێنن.(ناوخۆش٢٢، ٢٠١٢، ٢) ئەو ململانێیە زمانییەی لە عێراق و تورکیاو ئێران و سوریادا هەیە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی مامەڵەی حکومەت لەگەڵ زمانی کەمە نەتەوایەتییەکان. بەریەککەوتنەکەش لە ناوخودی زمانەکان سەرهەڵنادات، بەڵکو لەناو قسەپێکەرانی زمانەکە ڕوودەدات. قسەکەر کاتێک زمانێک هەڵدەبژێرێت و قسەی پێدەکات و لە کاتی ئاخاوتندا بەبێ پچران لە قسەکردندا ئەو زمانە دەگۆڕێت کە پێشتر بەکاریهێنابوو، زمانێکی تر لەنوێ هەڵدەبژێرێت و قسەی

پێدەکات(Gumperz,1982,270)، کە ئەمەش زیاتر خۆی لە لایەنی سیاسی دەبینێتەوە، چونکە ئەو گروپەی کە زمانەکەیان باڵا دەستە وەک فەرەنسی لە بەلجیکا و ئینگلیزی لە کەنەدا کۆنترۆڵی جومگە گرنگەکانی دەسەڵات دەکات لە بواری کارگێری و ئابوری و ڕامیاری لە کارو دامەزراوەکانیش ئەو خوازیارانە پێشدەخات کە بە زمانی گروپی باڵا دەست قسە دەکەن (ئێڵدە، ٢٠١٠، ١٣٨) ئەم باڵا دەست بوونەش دەبێتە هۆی باڵا دەست بونی فیکری و پراکتیکی خەڵکێک کە ئەم زمانە زمانی زگماکیانە بەسەر کەسانێک کە وەک زمانی دووەم، یان زمانی بیانی فێری دەبن(یەعقوبی،٢٠٠٧، ١٠٩) لەم کاتەشدا گروپی کەم دەسەڵات چەند ڕێگایەکی لەبەردەمدا دەبێت، یان دەستبەرداری ئامانجی کۆمەڵایەتی دەبێت، یان بتوێتەوەلە ناو گروپی باڵا دەست، یان ڕێگای بەرەنگاربوونەوە هەڵدەبژێرێت.( ئێڵدە، ٢٠١٠، ١٣٨) لەسەرەتای کارلێککردن و بەریەککەوتنی زمانەکان زمانی کەمینە هەندێ شت لە دەست دەدەن بەتایبەتی سیفەتە سەرەکییەکانی زمان کە دەبێتە هۆی دورکەوتنەوە وتوانەوەی زمانی دایک و گەشەکردنی زمانی باڵا دەست لەسەر حسابی زمانی کەمینە، هەروەها بەریەککەوتن هێماییە بۆ ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، کە لە ناویشیاندا ململانێیی کۆمەڵایەتییە، لایەنی ململانێکەش هەریەکەیان لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی.

**١.٣.١/٢)ململانێ و بەریەککەوتنی زمانی کوردی لە گەڵ زمانی تورکی**

لەسەردەمی هەریەک لە میرنشینەکان چەندین قوتابخانەی ئەدەبی سەریهەڵداوە، سەرهەڵدانی هەریەک لەم قوتابخانانە وایکردوە چەندین شاعیر بێتە مەیدان، شیعر بنوسن زمانی کوردی بەرەو زمانی نوسین و ئەدەبیات بەرن. ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی کۆمەڵگاوە هەیە.(Celik,2003,24 ) تاکو دامەزراندنی حکومەتی تورکیا حکومەتەکەی کمال ئەتاتورک لەساڵی ١٩٢٣ ململانێیەکی ئەوتۆ لە نێوان زمانی تورکی و زمانی کوردیدا

نەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی عوسمانی ئەزمونی بەسەر زمانی تورکی و زمانی کوردی هەبووە، هەروەها ئەلفابایەکەش هەمان شت بوە واتە (ئەلفبای ئارامی - عربی) بووە، واتە ئەلفبای عوسمانی بۆ زمانی تورکی و کوردی وەک یەک بووە.

لە دوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ کەمالییەکان بە سەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورک کەوتنە لێدانی زمانی کوردی، زمانی کوردی لە پەروەردەو میدیا و دادگا قەدەغەکرا(ناوخۆش٢٠، ٢٠١٢، ٢) ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکانی تورکیا تاکو ئێستاش بەرهەمی ئەدەبی و فیکریان هەر بەزمانی تورکی بڵاوبکەنەوە (تۆفیق،٢٠٠٧، ٤٤) هەندێکجار دەگاتە رادەی توندو تیژی و بەیەکدادان بەڵام زۆرجاریش زیاتر لە سیستەمی هەرەشە و سزا چڕ دەبێتەوە، کە بەرژەوەندی گروپێک، یان نەتەوەیەک دەکەوێتە بەر مەترسی و هەرەشە(ئێڵدە، ٢٠١٠، ١٣٦) دەسەڵاتی تورکی نەک هەر باوەری بە زمانی کوردی نەبووە، بەڵکو باوەری بە ئەلفبای لاتینی کوردیش نەبوو، نەتەوەی کوردو زمانی کوردی وەک دوو بوونی فیزیکی کۆمەڵگای تورکی قسەو باسی توندی لێدەکرێت.تەنانەت بەکوردیش ئاماژەیان پێناکرێت، بەڵکو پێیان دەڵێن تورکی شاخی.

هەر کاتێک سیستەمی سیاسی وڵات گۆڕانکاری بەسەر دادێت بەریەککەوتنی زمانەکان زیاتر دەبێت و زمانەکان زیاتر دەکەونە ململانێوە، خۆشبەختانە لە ئێستادا دەسەڵاتی تورکی نیمچە ئازادییەکی بە زمانی کوردی داوە بە کردنەوەی بەشی کوردی لە ئامەد و کردنەوەی تەلەفزیۆنی TRT6 کە ئەمەش پرۆسەی بەریەککەوتنی زمانی زیاتر قوڵکردۆتەوە، چونکە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای تورکی قبوڵی ئەوە ناکەن کە زمانی کوردی وەک زمانێکی جیا و زمانێکی فەرمی بێت.(ناوخۆش٢٠١٢،٢، ٢١) چونکە هەستی نەتەوایەتی تورکی بەسەر ئەو تاکانە زاڵە لە بەرامبەریشدا تاکەکانی کورد بەهۆی زاڵبوونی هەستی نەتەوایەتی کوردی شەر بۆ ئەوە دەکات کە زمانەکەی لەو

بەشەی کوردستان کە باکوری کوردستانە جێگای زمانی تورکی بگرێتەوە. بەمەش یەکێ لە ئامانجەکانی ناسیۆنالیستی تورکی هەڵدەوەشێتەوە بەوەی لەسەر یەک زمان دامەزراون، چونکە کرژی و ململانێی لە نێوان ئەم نەتەوانەی کە لەسەر ترسان و تۆقاندن سەرچاوە دەگرێت ئەوا بە دڵنیاییەوە بەردەوام ململانێی تازە سەرهەڵدەدات، چ لەلایەن کەمینە بێت یان لەلایەن زۆرینە بێت(ئێڵدە، ٢٠١٠، ١٣٧)

**٢.٣.١/٢) بەریەککەوتنی زمانی کوردی و زمانی فارسی**

ئێران وڵاتێکی فرە زمان و فرە نەتەوەیە، لەدەوڵەتی فرە نەتەوەو فرە زمانیدا، یان مافی سیاسی و پەروەردەیی بە هەموو زمانەکان دەدرێت، یان شەری زمانەکان شتێکی چاوەڕوانکراوە، لەئەنجامی بەکارهێنانی تەنها تاکە زمانێک لە وڵاتێکی فرە زماندا، نەتەوەپەرستی فارس بەکارکردنی لەسەر دروشمی یەک نەتەوە یەک زمان یەک ئاڵا دەکرد، ئەگەرنا لە بیرو هزری نەتەوەپەرستی فارسیدا کوردو عەجەم و بلوج وەک نەتەوەی پەراوێز سەیرکراون بە تایبەتیش کوردو بلوج کە دوونەتەوەن لە ڕووی ئاینیشەوە سونە مەزهەبن.(ناوخۆش٢٠١٢، ٢، ٢٢)
کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانی حکومەتی کوردستان لە (١٩٤٦) لە مهاباد دابمەزرێنێ بۆ ماوەی یانزە مانگ زمانی کوردی زمانی پەروەردەو فێرکردن و ڕاگەیاندن بێت، هەر لەو ماوەیەدا کە کورد حکومداری دەکرد هەوڵی گۆرینی تابلۆی سەر دوکانەکان و فەرمانگە حکومی و قوتابخانەکانیدا بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام بەداخەوەلەڕۆژگاری ئەمرۆدا بەدەیان مۆڵ و خواردنگەو لیستی خواردن و ناوی دوکان بە زمانی تورکی و فارسی دەبینرێت.
ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە تاکو ئێستاش کەلتور و زمانی فارسی زاڵە بەسەر کوردی ڕۆژهەلات، هەرچەندە چەند گۆڤارێکیان هەیە کەبە زمانی کوردی دەردەچێت، تەلەفزیۆنی سەحەر بۆ ماوەیەک بە زمانی کوردی پەخشی بەرنامەکانی خۆی بەزمانی کوردی دەکات لە ئاخاوتنی ڕۆژانە زمانی کوردی بەکاردەهێنن، بەڵام بە هەموو شێوەیەک

زمانی کوردی لە دەرەوەی زمانی پەروەردەیەو تەنها زمانی فارسی زمانی پەروەردەیە نەتەوەپەرستی فارسی کار لەسەر فارسی و مەزهەبی شیعەی فارسی دەکات.بەڵام لەهەمان کاتیشدا زمانی کوردی تارادەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارێزراوە، چونکە خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانە و کاروباری کۆمەڵایەتییان بەکاریدەهێنن.

**٣.٣.١/٢) بەریەککەوتنی زمانی عەرەبی و زمانی کوردی**

زمانی عەرەبی بەهەردوو چەشنی دەسەڵات و ئاین کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەبووە. کاریگەر ئاین هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، سەبارەت بە دەسەڵاتیش زمانی عەرەبی لە دوو پارچەی باشور و رۆژئاوای کوردستان باڵا دەست بووە، ئەم باڵادەستییەش هۆکار بووە بۆ بەریەککەوتنی زمانەکان.

لە باشوری کوردستان دوای ئەوەی حوکمی زاتی درا بە کورد زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو ئەم ئازادیەش کە درا بە کورد بە ناچاری بووە ئەگەر نا زمانی عەرەبی دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبووە باڵا دەست بووە، لە زۆر بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە بەکارهاتوە، شەڕی زمانی کردوە بەریەککەوتونە، ئەم بەریەککەوتنەش هیچی کەمتر نەبوە لە شەری چەکداری.

کرانەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین و دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە وەک هاوکاری و پاشکۆی عێراق و گۆڤاری بەیان و رۆشنبیری نویێ و کاروان و ڕەنگین بە زمانی کوردی،هەروەها کردنەوەی چەندین زانکۆ و پەیمانگا لە باشوری کوردستان کە خوێندن تیایاندا لە زۆربەی هەرە زۆری بەشەکان بە زمانی کوردییە،هەروەها بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق و دەرچوونی نوسراوی فەرمانگەکان و کردنەوەی چەندین چاپخانە کە پەرتوک و گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ دەکەن... هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەم پارچەیەی کوردستان باشتر بێت لە پارچەکانی تر.

کوردانی رۆژئاوا وەک کوردانی باکورو ڕۆژهەڵات لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشکراون لە دوو رووەوە ١ـ فەرەنسا ریگای بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە تاکی کوردی لە ئەلفبای سریانی - کوردی دورخستەوە. ٢ـ ناسیۆنالیستی عەرەبی لە ریگای بەعسی شیعی زمانی کوردی لە پەروەردە و خوێندن بە کوردی دورخراونەتەوە

بەهۆی ئەو شەرانەی کەلەم سالانەی دوایدا ڕویدا بە ناوی بەهاری عەرەبی ولاتی سوریاش بێبەش نەبوون لەم شەر و ململانێیە هەر چەندە تاکو ئێستاش کۆتایی بە دەسەلاتی بەشار ئەسەد نەهاتووە بەلام خۆش بەختانە کوردانی ڕۆژئاوا توانیویانە چەند کانتۆنێک ڕابگەیەنن و خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی بێت لە شوێنی زمانی عەرەبی.

**٢/٤،١) بەریەککەوتنی زمانەکان لە ناو بازار و بەرێوەبردنی بازار**

هەر کاتێک دوو زمان یان زیاتر لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بلاودەبنەوە ئەوا لەسەر ئەو کۆمەڵەیە پێویستە بەدوای رێگایەک دابگەرێن بۆ بەرێوەبردنی ناکۆکی زمانەوانی لە پەیوەندیەکانیاندا، بازار خالی بەیەکگەیشتنە، ڕاستە بازار پێگەی بەرێوەبردنی فرە زمانییە، بەلام زۆرجار شوێنی شەری نێوان زمانەکانە کاتێک کە زانی کریار هاوزمانی نییە زمانێکی بێگانەیە و زمان نازانێت ئەوا نرخەکەی بەرزدەکاتەوە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش ئەمەش ڕەتکردنەوەی فرۆشتنە بە ئاڕاستەی ڕەتکردنەوەی زمانێکی دیکە یاخود نەتەوەیەکی تر(کالفی، ١٢١، ٢٠١٢)

لە کۆمەڵگای فرە زمانیدا ئەندامانی کۆمەڵ هەموو کاتێک تاکە زمانێک بەکارناهێنێت بۆ جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانەیان.(فتاح، ١٤١، ٢٠١٠) ڕۆژانە لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە سەدان هەزار مرۆڤ بەیەک دەگەن کە پێویستیان بە تێکەلاوبوون هەیە، بەلام بەیەک زمانیش قسە ناکەن بە تایبەتی لە کاتی بازرگانیکردندا بۆ نموونە لە کوردستان هەندێک کەس لەکاتی تێپەراندنی کاری ڕۆژانەی خۆی زۆرجار لەپاڵ زمانی کوردی زمانی عربی یاخود تورکی ... بەکاردەهێنێت.

دوکانداران بۆ ئەوەی کالاو کەلوپەلەکانیان ساغبکەنەوە و سەودا بکەن لەگەڵ کریاراندا ئەوا پێویستیان بەوە دەبێت کە جگە لە زمانەکەی خۆیان بە زمانێکی تریش قسەبکەن و وەلامی کریارەکانیان بدە نەوە، واتە بازار هۆکارێکە بۆ داهێنان و دروستکردنی فرە زمانی، چونکە ژمارەی ئەو زمانانەی کە لە بازاردا بەکاردێت زۆرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارکردن لە نرخ و سەوداکردنی بەهاو نرخ. ڕەنگە چەندین زمان لە هەولی ئەوە دابن کە زمانەکەیان بسەپێنن لە بازاردا (کالفی،١٠٦،٢٠١٢) ئەگەر سەیری زمانی کوردی بکەین لە بازاری شاری کەرکوک بە هۆی پێکهاتەی جیاواز لە شارەکە وایکردوە کە فرە زمانی لە بازاردا بوونی هەبێ زمانەکان بەریەکبکەون وەک پێویستیەکی بازرگانی و بەهۆی ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری عەرەب بۆهەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری شەقلاوە بەتایبەتی دەبینین ڕێژەیەکی زۆری عەرەب لەوناوچەیەیە بۆیە بە ناچاری دوکاندارەکان بۆ مامەڵەکردن زمانی عەرەبی بەکاردەهێنن تەنانەت نوکتەشیان بۆ ئەم مەبەستە دروستکردووە، دەڵێن عەرەبێک تەلەفۆن بۆ خزمەکانی دەکات لە ئەنیار دەلێت شەقلاوە زۆر خۆشە، بەلام کوردی زۆرە تێکیان داوە.

بەکارهێنانی دوو زمان یان زیاتر لە کۆمەڵگادا شتێکی ئاساییە، بەلام زۆرجار واڕوودەدات بەکارهێنانی ئەم دوو زمانییە دەبێتە سەرەتایەک بۆ قۆناغی زمان گۆڕین. لەم کۆمەڵگایە یەکێک لە زمانەکە بە سەر زمانی دایک زاڵ دەبێت، یان هەوڵدەدات شوێنی ئەو بگرێتەوە بێگومان ئەمەش یەکسەر هەستی پێناکرێت، بەڵکو دوای ماوەیەکی زۆر بە تێپەربوونی کات هەستی پێدەکرێت .(فتاح، ١٤٧، ٢٠١٠)

**١.٢/٢) گۆرانی زمان**

زمانەکان لەنێوان خۆیاندا تێکەڵی یەکتری دەبن لە جیهانی فرە زمانییدا بەتایبەتی لە پیادەکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا فراوانبوونی هەر زمانێکیش لەسەر حسابی زمانەکانی تر دەبێت تا ببێتە زمانێکی بلاو، زمانی بلاو سنور دەبەزێنێت بە ڕووبەرێکی فراوان

بڵاودەبێتەوەبــە پێچەوانەشــەوە سـنوری بــەکارهێنانی زمانــەکانی تــر بچوکدەبێتەوە.

زمانــەکان بــەدرێژای مێــژوو کاریــان لەیــەکتری کــردوە بــەهۆی لێکدوورکەوتنــەوە و لێکــدابرانی جــوگرافی و هۆکــاری دەرەکــی وەک ڕاگواستن و نیشتەجێبوون میللەتێکی تـر لـە نێوانیـان (هەرشـەمی،٢٠٠٩، ١١١)بۆتە هۆی بەریەککەوتنی زمانەکان

زمانــەوانان زمانــەکان بەســەر ســێ گــروپ دابەشــدەکەن١ــ زمانــە تەندروستەکان ئەو زمانانەن کە لە منداڵییـەوە بـەو زمانانـە دەخـوێنن، کە زمانی دایکیانە زمانە تەندروستەکان بە گشتی لە کارو باری نـاو مـاڵ و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان و قوتابخانەو کارکردن بەکاردێت.

٢ـ زمانـە بـەر مەترسیدارەکان، ئـەو زمانانـەن کـە لەبـەر مەترسـیدان، بێگومــان ئاسـتی مەترسیشـیان جیـاوازە زمانــەکانی لــە ڕیـزی زمانــە تەندروستەکانە، بەڵام ڕێژەی سەدییە ئەو منداڵانەی قسـەی پێدەکـەن لـە چـاو ڕێـژەی سـەدی خەڵکەکـە کەمترە،واتـە دایکـان وباوکـان وادەکـەن منداڵـەکانیان واز لـە زمـانی دایکیـان بهێـنن وزمـانی بێگانـە بـەکاربهینن وەک زۆرێک لەو کوردانە کە لە ئەوروپا دەژین هەنـدێکیان منداڵـەکانیان زمانی کوردی نازانن.

٣ــ زمانەگیانـەلاکان ئـەو زمانانـەن کـە زۆر لـە مەترسیدان، منـداڵ بـەو زمانـە قسـە ناکـات، بـەڵکو تـەنها چەنـد کەسـانێکی بەتەمـەن قسـەی پێدەکەن، بە مردنی ئەو کەسانە ئیتر زمانەکەش کۆتـای دێـت. (کـەمرێ و هاوەڵــەکانی،٩٤،٢٠٠٧) یــەکێکی تــر لــەو هۆکارانــەی دەبێتــە هــۆی لـەناوچونی زمانێـک ئـەوە دەبێـت ئـەو خەڵکانـەی کـە قسـەی پێدەکـەن بریاربـدەن واز لـە زمـانی دایکیـان بهـێن و زمـانی زۆرینـە بـەکاربهێنن بۆئەوەی ناوبانگێکی باشترو هەلی کاری باشتریان دەست بکەوێت.

**٢.٢/٢)ڕۆڵی تاکی کورد لە پاراستنی زمانی کوردی**

ئەگەر چی زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، بـەڵام لەهەمانکاتـدا بۆتــە ســەنگەرێکی بــەهێز بۆبــەرگریکردن لــە توانــەوە و لــەناوچونی

نەتەوە، هۆی لەناوچونی هەرنەتەوەیەکیش تارادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردن و لەناوبردنی زمانی ئەو نەتەوەیە، چونکە هەر نەتەوەیەک کە زمانەکەی داگیرکرا ئیتر ئەو نەتەوەیە لە بەهاي کەمدەبێتەوە(تۆفیق، ١٠، ٢٠٠٧) زمان تاکە هۆکارە بۆ ئەوەی بوونی خۆی وەک نەتەوە بسەلمێنێ. ترسی توانەوەو لەناوچون هۆکارێکە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زمانەکە بکرێت. زمانی کەمینە ململانێی ئەوە دەکەن کە زمانەکەیان بمێنێتەوە بۆ ئەوەی داوای ئازادی پێبکەین و بڕیارە بۆخۆیان بدەن بێئەوەی سەرکوت بکرێن وەیان بچەوسێنەوە لە پێناوی ئازادی ئەگەر کورد لە سەدەی بیستەم ئەو هەموو خوێنەی نەرشتبایەو ئامادەبا بە زمانی عەرەبی ئاخاوتن بکات و واز لە زمان و ڕەچەڵەکی خۆی بهێنێ داکۆکی لە مافی خۆی نەکردبایە و شەڕی زمانی نەکردبایە ئەوا زمان توشی لەناوچون دەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کورد سەرەڕای جینۆسایدکردنی و کیمابااران و ئەنفالکردنی توانی وەک نەتەوە بمێنێتەوەو بەرگری لە زمان و نەتەوەکەی بکات.

زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەیە هەر نەتەوەیەک بەهۆی زمانەکەیەوە مێژوو دابو نەریت وکەلتوری خۆی دەپارێزێت و پێشکەشی نەوەی داهاتووی دەکات. سەرەرای ئەوەی کە میللەتی کورد لە رووی سیاسییەوە هەوڵدراوە لە ناو ببرێت، بەڵام وابەستەبوونی تاکی کورد بە زمان و نەتەوەکەی وایکردوە زمان و کلتورەکەی بپارێزێت ئەگەرچی کاریگەری لەسەر بەجێهێشتوە.

زۆربەی کاتەکان مردنی زمان تەنیا بەهۆی خۆبەدەستەوەدانی نەتەوەیەک لە بواری کولتوری و زمانییەوە بە نەتەوەی باڵا دەست زاڵدا رویداوە.( یەعقوبی،٢٠٠٧، ١١٢) کاریگەریە خراپەکانی لەکاتی بەریەککەوتنی زمانەکان و زاڵبوونی زمانی باڵا دەست هۆکارێکە بۆهەرەشەکردن لە سەر زمانی دایک چونکە لەم کاتانەدا هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا زمانی دایک فەرامۆش دەکرێت و لەبیردەکرێت.

زۆر لە خێزانە کوردەکان منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانەی ئەهلی بە زمانی ئینگلیزی هەروەها وەزارەتی پەروەردە لەهەوڵی ئەوەدایە کە چەندین قوتابخانەی زمانی کوردی بکاتە زمانی ئینگلیزی بێ ئەوە درک بەم کاریگەریە خراپە و مەترسیدارە بکات کە دەبێتە هۆی توانەوەو لەناوچونی زمانی دایک.

ڕۆڵی کورد لە پاراستنی زمانی دایک، دەبێت هەوڵ بدرێت یەکەمجار زمانی دایک لای منداڵ بچەسپێ ئینجا فێری زمانی دووەم بکرێت نەک وەک ئێستا لە قۆناغی دایەنگەوە کە هێشتا منداڵ زمانی دایکی بەتەواوی وەرنەگرتوە فێری زمانی ئینگلیزی دەکرێت.

پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی کورد کە زمانەکەی بپارێزێت و پارێزگاری لێبکات، چونکە ئەگەر پارێزگاری لێنەکرێ ئەوا لە ناو زمانی باڵا دەست دەتوێتەوە بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە لەدەرەوەی وڵاتن هەوڵبدەن ئەو بەریەککەوتنەی زمان نەبێتە هۆکارێک بۆ توانەوەی زمانی کوردی ئەویش بەهاندان و فێرکردنی زمانی کوردی بەمنداڵەکانیان و بەکارهێنانی لە ناو ماڵدا، جێگای دڵخۆشیە کە ئێستا لە ئەڵمانیاو بەرتانیا قوتابخانەی کوردی دانراوە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لە فێربونی زمانی دایکیان بێبەش نەبن.

**٣.٢/٢) بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەری لە سەر ناونانی منداڵ**

ناونان بەشێکی سەرەکییە لە زمان، زمانیش ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگایە، بۆیە کارێکی ئاساییە کە زمانەکان بەریەکدەکەون و کاریگەریان لەسەر ناونانی منداڵەکان هەبێ. بەهۆی بەریەککەوتنی زمانەکانەوە چەندین ناوی بێگانە لە منداڵی کورد نراوە بۆ نموونە بەهۆی بەریەککەوتنی زمانی عربی و کوردی بەهۆی بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام چەندین ناوی عەرەبی لەناو میللەتانی نا عەرەب بڵاوبونەتەوە کوردش وەک میللەتێکی موسڵمان لەم کاریگەریە بێبەش نەبووە ئەمەلەلایەک لەلایەکی تر بەهۆی دراوسێیەتی و باڵا دەست بوونی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کورد وایکردوە کە تاکو

ڕۆژگاری ئەمرۆش ناونانی منداڵ بە ناوی عەرەبی شتێکی باو ئاسای بێت. وەک ( ابراهیم ، محمد، احمد، اسامە، ادریس، اسرا، سلیم، حسن، حلیم، ذکریا، لیلی، رضا ، شکر، مولود، عایشە، عاصی، علی، عمر، کمال، نافع، نوری، هدی، ابتسام، انتصار، نجوە، یوسف، یسری، ...)هەرچەندە هەندێک لەو ناوانە گۆرانکاریان بەسەرداهاتوە خراونەتە چوارچێوەی فۆنەتیکی کوردییەوە بەرگێکی کوردیانەیان پۆشیوە وەک( حەپسە، شێخە، خەجێ، ...)

بەهۆی بەریەککەوتنی زمانی تورکی لەگەڵ زمانی کوردی لە باکوری کوردستان چەندین ناوی توریکیش هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە ئەمەلە لایەک لە لایەکی تریش بە هۆی ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوانەی کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەخش دەکرێن، هەروەها ئەو هونەرمەندە ناسراوانەیان لە باشوری کوردستانیش چەندین ناوی تورکی گوێبیست دەبین وەک ( مهند، سپیلکان، ئایدن، ئەردۆغان، مایە، کەنداڵ، ئەدا، ...)

بەهۆی زاڵبونی زمانی فارسیش چەندین ناوی فارسی لە مندالی کورد نراوە وەک( فریبە، رۆحانی، مەهۆش، مەهناز، ...)

لەدوای ئازادکردنی کوردستان و بەهۆی ئەوبارودۆخە نالەبارەی کە خەڵکی کورد پێیدا تێپەرین و کۆچکردنی ڕێژەیەکی زۆری کورد بۆ دەرەوەی وڵات و تێکەڵبوونیان لە گەڵ زمان و کلتوری ئەو نەتەوانە چەندین خێزانی کورد ناوی بیانییان لە منداڵەکانیان ناوە ( ئەلینا، لیڤ، جاک، رۆز، رۆزا، سیڤەر، کلارا، هۆلیا، جولێت، هێلین...

**٤.٢/٢) بەریەککەوتنی زمانەکان و رەنگدانەوەیان لە ناو ئەدەبدا**

ئەدەب رەنگدانەوەی کۆمەڵە، هەر شتێک لەناو کۆمەڵگادا رووبدات لەناو ئەدەبدا رەنگدەداتەوە، دیاردەی بەریەککەوتنی زمانەکانیش دیاردەیەکی کۆنە هیچ وڵاتێک نییە سنورەکەی تەنها لەیەک نەتەوە و یەک زمان پێکهاتبێ، ئەمەش وایکردوە کە زمانەکان تێکەڵی یەکتر دەبن زۆرجاریش بەریەکدەکەون.

لـە ڕێبـازی کلاسـیزمی کوردیـدا یـەکێ لـە تایبەتییـەکانی ئـەم رێبـازە ئەوەبوو دەبوایە شاعیران شارەزایی لە هەرسێ زمانەکە جگـە لـە زمـانی کوردی هەبێ و لە شیعرەکانیشیان بەکاریبهێنن، شاعیرانی کلاسیک جگە لەوەی کە شـارەزاییان لەهـەر سێ زمانەکـە هـەبووە لەشیعرەکانیشـیان بەکاریان هێناوە، بـەڵام لەهـەمان کاتـدا بایـەخێکی زۆریشـیان بـەزمانی کــوردی داوە شــانازیان پێــوەکردوە بــۆ نموونــە نــالی یەکێکــە لــەو شاعیرانەی کە شانازی بەزمانی کوردیەوەکردووە ئاماژە بەوەش دەکـات کە شارەزایی لە هەر سێ زمانەکەدا هەیە.

فارسی و کورد و عەرەب هەرسێکم بەدەفتەر گرتوە

(نـالی) ئەمرۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە

لەدوای شیعری کلاسیکی شاعیران ڕێبازی ڕۆمانسزم ودواتـریش ڕێبـازی ڕیالیزم هاتە ئاراوەو شاعیران هەوڵیاندا شعری کوردی بەرەو پوختکردن و پاککردنـەوەی بـەرن لـە زمـانی تـورکی و عـەرەبی و فارسـی ئەمـە لـە باشوری کوردستان،بەڵام لە پارچەکانی تـری کوردسـتان بـەهۆی ئـەوەی هەر لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران دابووە بۆیە کاریگەری داگیرکەریان هـەر لەسەر بوە بەرهەمە ئەدەبی و هونەریەکانیان بە زمانی تورکی و فارسـی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

لــە ڕۆژگــاری ئـەمرۆش سـەرەرای بـەرەو پێشـچونی زمـانی کـوردی لـە باشـوری کوردسـتان، هـەروەها بـەهۆی جیهانگەراییـەوە بەریەککـەوتنی زمانەکانیش بەدیدەکرێت ئەدەبیش ئاوێنەی کۆمەڵە ئەم بەریەککەوتنەش لەئەدەب بە گشتی شیعریش بەتایبـەتی رەنگـی داوەتـەوە بۆنموونـە لـە گـۆرانی دایـەی هونەرمەنـد(ماهر حسـێن)دا دەبینیـین زمانـەکانی تێکـەڵ بەیـەکتری کـردوە و هـەر پارچەیـەکی بـە زمانێـک دەڵێـت زمانـەکانی( تورکی، عربی، کوردی، ئینگلیـزی، فارسـی)یە ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئەوەی کە بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی (فارسی و تـورکی و عەرەبی )هەیە، زمانی ئینگلیـزیش بـەهۆی جیهانگەراییەوەیـە کـە زمـانی ئینگلیزی زمانی زانست و پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایـە، زمـانی ئینگلیـزی

کە زمانی تەکنەلۆژیایە لە ناو زۆر میللەت شان بەشانی زمانی دایک مندالٚ فێری دەبێت.

بەرزو پیرۆزتر لەناوت کوا دایە تابەهەشتیش وا لەژێر پێتدای تۆ دایە

دایەخۆشمدەویێ هەر تۆی یەکەم عیشق و ئەوینم خۆشم دەویێی تۆ بووی مانات بەخشی بە ژینم

تۆ چرای نەکوژاوەی بۆ هەمووان ئازارو خەمەکانی خۆشەویستی نیشتمان خۆشەویستی لەتۆدایە

ماضە ئالەف یو

انتی اول حب فی حیاتی

سەنی سەفی یۆرم مەندەی

ئەی ئیلهۆم بەخشن زیندەگیا

دایە خۆشم دەویێ هەر تۆی یەکەم عەشق و ئەوینم دایە.

بەریەککەوتنەکان نەک هەر لە ئەدەبدا تەنانەت لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بەریەککەوتنی زمان بونی هەیە، بۆ نمونە لەکاتی پیرۆزبایکردنی جەژنی لەدایک بون دەبینین تێکەڵیەک لە زمانی ئینگلیزی و کوردی هەیە بۆ نمونە(( Taman drezhw tandrwst bet aweenakam I love you so much hamw salek baxoshe bet enshalah dl w rw7 w hanasa..))

## ئەنجام

١- زمان تاکە هۆکارە بۆ ئەوەی هەر میللەتێک بوونی خۆی وەک نەتەوە بسەلمێنێ. ترسی توانەوەو لەناوچون هۆکارێکە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زمانەکە بکرێت. زمانی کەمینە ململانێی ئەوە دەکەن کە زمانەکەیان بمێنێتەوە بۆ ئەوەی داوای ئازادی پێبکەین و بریار بۆخۆیان بدەن بێئەوەی سەرکوت بکرێنەوە، یان بچەوسێنەوە لە پێناوی ئازادی، کورد سەرەرای ئەو هەموو زوڵم توندو تیژەی کە بەرامبەری کراوە وەک جینۆسایدکردنی و کیمابارانو ئەنفالکردنی، بەڵام توانیویەتی وەک نەتەوەی بمێنێتەوەو بەرگری و پارێزگاری لە زمان و نەتەوەکەی بکات.

٢- یەکێک لە کاریگەریە خراپەکانی بەریەککەوتنی زمانەکان، زاڵبوونی زمانی باڵا دەستە، کە هۆکارێکە بۆ هەرەشەکردن لە سەر زمانی دایک، چونکە باڵا دەست بوونی زمانێک و بەکارهێنانی لە کاروباری رۆژانە و پەروەردە و دەزگاکانی راگەیاندن هۆکارە بۆ ئەوەی زمانی دایک فەرامۆش بکرێت و لەبیربکرێت، هەر کاتێکیش زمانی دایک فەرامۆش کرا ئەوا کەلتور و مێژووی ئەو نەتەوە کۆتایی پێدێت.لەهەمان کاتدا هۆکارێکیشە بۆ مانەوەی زمانەکەو ململانێی لە پێناومانەوەو برەو پێدان.

٣ــ زمانەکانــە بــەدرێژای مێــژوو کاریــان لەیــەکتری کــردوە بــەهۆی لیکدورکەوتنەوەو لێکدابرانی جوگرافی و هۆکاری دەرەکی وەک ڕاگواستن و نیشتەجێبوون میللەتێکی تر لە نێوانیان بۆتە هۆی بەریەککوتنی زمانەکان هەر بۆیە قەبارەی پەرەسەندن و ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان بە ژمارەی زۆرن، بەڵام دەتوانین هۆکاری سیاسی و داگیرکاری بە پلەی یەکەم و هۆکاری ئاینی بە پلەی دووەم دواتر هۆکارەکانی تر دیاریبکەین.

٤ـ هەر لەرێگای بەریەککەوتنی زمانەکانەوە چەندین وشە لە زمانەکانی (تورکی و عربی و فارسی و ئینگلیزی) ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی خراونەتە بەر فۆنەتیکی زمانی کوردی زمانی کوردی پێدەوڵەمەند کراوە .

٥ـ زۆرجار سست بون و لاواز بوونی زمانی دایک دەگەرێتەوە بۆ هەژاری وڵاتەکە هەر کاتێک وڵاتێک (نەتەوەیەک) هەژار بوو ئەوا ناتوانیت بوجەیەکی پێویست دابنی بۆ گۆرینی کتێب و سەرچاوە بیانیەکان ئەمەش هانی خەڵکی دەدات خۆیان فێری زمانی بێگانە بکەن و زمانی بێگانە بەکاربهێنن.

٦- هەموو ئەو کەسانەی کە بە زمانی دایکیان قسە دەکەن ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زمانی بێگانە رەتدەکاتەوە بەڵگەی ئینتمایە بۆ زمانەکەی خۆیان چونکە لە پرۆسەی بەریەککەوتنی زمانەکان رادەی هۆشیاری زمانەوانی و بۆچونی تاک دەپیورێت, بۆیە پابەند بون بە زمانێکی دیاریکراوپێگەی بەرزی ئەو زمانە دەگێرن.

٧- بازار هۆکارێکە بۆ بەرێوەبردنی فرە زمانی زۆرجار شوێنی شەڕی نێوان زمانەکانە، چونکە ژمارەی ئەو زمانانەی کە لە بازاردا بەکاردێت زۆرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارکردن لە نرخ و سەوداکردنی بەهاو نرخ.زۆرجاریش فرۆشیارەکە زانی کریار هاوزمانی نییە زمانێکی بێگانەیە و زمان نازانێت ئەوا نرخەکەی بەرزدەکاتەوە بەشێوەیەکی سەرنجراکێش ئەمەش

ڕەتکردنــەوەی فرۆشــتنە بــە ئاراســتەی ڕەتکردنــەوەی زمــانێکی دیکــە یــاخود نەتەوەیەکی تر.
٨ـ لــەرۆژگاری ئــەمڕۆدا بەشــێوەیەکی گشــتی بەریەککــەوتنی زمانــەکان زۆرە بەتایبەتی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی فیسبوکدا زۆربەرونی هەستی پێدەکرێت.

## سەرچاوەکان


**قورئانی پیرۆز**

**کتێبی پیرۆز (ئینجیل)**

- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١ـ ئێڵدە، پیتــەرهانزە، (٢٠١٠)، ململانێــی زمــانی، وەرگێرانــی هۆشــەنگ فاروق، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٥)

٢- تۆفیق، قەیس کاکل ، (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانــی زمان، چــاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر

٣- حوسێن، محەمەد تەها، (٢٠١٢) سایکۆلۆژیەی پەیوەندیکردن، دەزگــای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر

٤ــ دزەیی، عەبدولواحیــد موشــیر - ســلێڤانەیی، شــیرزاد صــەبری عەلی، (٢٠١٣)، زمانەوانی سیاسی، چاپی یەکەم،

٥- سورخی، رحیم قادر، (٢٠١٣) یادکردنەوەی رۆژی جیهانی زمــانی دایــک ،چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٦ــ فــەتاح، محەمــەد مــەعروف، (٢٠١٠) لێکۆلینــەوە زمانەوانییــەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو- شێروان میــرزا قــادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٧ـ کالفی، لویســی جــان(٢٠١٢)، شــەری زمــان و سیاســەتی زمانــەوانی، وەرگێرانی بــەهادین جــەلال، چاپخانــەی خانی، هــەولێر، چــاپی یەکــەم، چاپخانەی ج. رۆژهەڵات

٨ــ کــەمریَ، بێرنارد - جێریــد دایەمەنــدــ دەوگ واڵــن - ک. دەیڤیــد هــاریس، (٢٠٠٧)، زمــان، وەرگێرانــی لــە ئینگلیزییــەوە کامیــل محەمــەد قەرەداغی، چاپی یەکەم
٩ــ نــاوخۆش1، سەلام، (٢٠٠٧)، ئــایین و زمانناســی، چــاپی یەکــەم، هەولێر.
١٠ــ نــاوخۆش٣، ســەلام، (٢٠١٢)، بەریەککــەوتنی زمانەکان، کۆمەڵــە نوسینێکی زمانەوانی نویَ، چاپی یەکەم
١١ــ هەرشەمی، شاســوار، (٢٠٠٩)، هەنــدێک زانیــاری گشــتی لــەبارەی زمانەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی
١٢- ه.و.ویدۆوسن، (٢٠٠٨) ، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی چــاپی یەکــەم، و. هۆشەنگ فاروق، چاپخانەی خانی، دهۆک
١٣ــ یــەعقوبی، حســێن، ( ٢٠٠٧)، زمــان و وەرگێــران و پێوەنــدی کولتورەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر
سەرچاوە بە زمانی عەرەبی
١٤- ر.ه.روبنز، (١٩٩٧)، موجز تــاریخ علــم اللغــه(فی الغــرب)، ترجمــه د. احمد عوض
١٥- محمود، ابراهيم كايد (٢٠٠٢)، ازدواجية اللغة,المجلة العلمية لجامعة الملك فيصل(العلوم الانسانية والادارية) المجلد الثالث, العدد الاول
. بە زمانی ئینگلیزی
Celik, M.(2003), Teaching vocabulary through code-mixing. Hahue:Mouton.-16
17- Gumperz, j.(1982), Conversational code-switching, Cambridge: Cambridge University Press
18- Scotton,M.(2002),Contact Linguistics, Bilingual Encounters and Grammatical Outcomes, Oxford: Oxford University Press
19- Trask.R.L(2007),key conceptin language and linguistics,Edited by peter stockwell, second edition: by Routledge.

# ملخص البحث

ان ظاهرة الصراع اللغوي واصطدامه من الظواهر الواضحة فى المجتمعات التي فيها التعدد اللغوي هي أن في مجتمع ما يتحدث عدد من الشعوب بلغات مختلفة وكل من هذه الشعوب تحاول الاحتفاظ بلغتها، ذلك عن طريق الاستعمال والتكلم بهذه اللغة، مايعرفه بلغة الآم.

وفي أثناء ذلك يحدث الصراع والتماس بين هذه اللغات المتباينة،وهذا لايعني الميل الى الجانب السلبى،بل نلحظ فوائد جمة من وراء ذلك الصراع والتماس اللغوي بين اللغات، أي ان اللغتين باءمكانهما افادة بعضهما البعض،وأن هناك عدد من الأسباب للصراع اللغوي مثل السبب الجغرافي والسبب الاقتصادي والاسباب السياسية والبيئية ...الخ.

في هذا البحث قام الدارس بالاءشارة الى انعكاس اصطدام اللغوي وصراعه في الساحة اللغوية والأدبية وفي المناسبات الأجتماعية.

## Abstract

Conflicts can be obviously noticed in the multi-language societies, in societies which consist of different ethnics and languages, this conflict may turn into a phenomenon. Each ethnic, in such society, tries to protect and improve its own mother-tongue language. This protection may emerge a conflict and clash between different ethnics. The ethnical clash is not necessarily negative, sometimes such clash serve both languages in sense of improvement. The clash may emerge due to different reasons like geographical, economical, political, and natural reasons …. etc.

Ethnic conflicts and clashes may lead to linguistic, literary, and cultural ceremonies changes …. etc. This research analyzes this such phenomena in detail.